## (دڵ و یادگاری) هۆنراوەی گۆرانی ... شێروان بێدڵ

شەوی دەیجورە ڕۆژی ڕووناكم
نەم دی ئازادی دووربووم لە خاكم
كوانی لە كوێ یە جێژوانگەی یارم
چیاو شاخ و گوڵ جوانی هەوارم
وێنەی شیرینتان بەرنادات چاووم
بە یادگاریتان ئەمن سووتاووم
لەسینەی ئێوە من دابڕاووم
بەعەشقی ئێوە ئەمن خنكاوم
زۆر پیرۆزە لام عەشق و ئەوینتان
لە باوەشدەكەم خاكی شیرینتان
تاكەی بچێژم ناڵەی تەنیایی
ژیانی كورتم وادێ كۆتایی
دەترسم بمرم هێشتا نەگەم پێت
عەشقی خاكی تۆ منی كردوەشێت
بریا دارێ بام لەلووتكەی شاخێ
گوڵێكی سووربام لەسینەی باخێ
پنچكە گیایەك بام لەدەم ڕووبارێ
یا خونچەیەك بام بۆ سینەی یارێ
دەربەدەر نەبام لەو هەندەرانە
تاڕۆژی مەحشەر دڵم پڕ ژانە
خەیاڵی مەستی و بادەی شەوانم
دەڵێ نەماوە من جێژوانم
پەپولەكانیش وێڵ و داماون
لە خاكی خۆیان وا دابڕاوون
وەك ئێمە مەستن وا چاو دەگێڕن
لە هەندەرانن وەك ئێمە وێڵن
وا هەڵدەقووڵێ خوێن لە گیانم
بۆ یاری شیرین بۆ نیشتیمانم
هیچ خێر و خۆشیت نەدیت لە ژیانم
دەبنوو بنوو چاووی پڕ ژانم